**بەش** : مێژوو
**کۆلێژ**: ئاداب
**زانکۆ**:سەلاحەددین
**بابەت**:  مێژووی کۆنی میسر
**پەرتووکی کۆرس**: ساڵی شەشەم
**ناوی مامۆستا** : لەنجە طلعت عبید
**ساڵی خوێندن**:٢٠٢١-٢٠٢٢

**پەرتووکی کۆرس**

**Course Book**

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | |
| **2. نـاوی مامۆسـتای بەر پرس** | لەنجە طلعت عبید |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | مێژوو/ ئاداب |
| **4. پەیوەندی** | Lanja.obaid@su.edu.krd |
| **5. یەکەی خوێنـــدن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | بۆ نموونە تیۆری: 3<br>پراکتیک: ني يە |
| **6. ژمارەی کارکردن** | ئامـادەبوونی مامۆسـتای وانەبێـژ بـۆ قوتابیـان لە مـاوەی هەفتەیەکـدا : (٩) کاتژمێر |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | ژیـانی ئەکـادیمی لەزانکـۆی سـەلاحەدین وەک مامۆسـتا لە بەشـی مێـژوو لەسالیّ( ٢٠٢١-٢٠٢٢)دەستپێدەکات |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | |

**10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

بایەتی ( مێژووی کۆنی وڵاتی میسر ) یەکێکە لە بابەتە گرنـگ و بایەخدارەکانی قۆناغی دووەمی بەشی مێـژووی زانکـۆی سـەلاحەددین، بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (2021-٢٠22 ) کەتیایـدا تیشـك دەخرێتـە سـەر بـارودۆخی وڵاتـی میسـر: لـە ڕووی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و ئـاینی و ڕۆشـنبیری، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی زۆر بەلایەنی شارستانی ئەو سەردەمە دەدرێت تاوەکو قوتابی لەسایەی ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت بەرچاو روون و شارەزا بێت لەو سەردەمە مێژووییە، تاوەکو بتوانێ توێژینەوەی ئەکادیمی لەم سەدەمە مێژووییهدا ئامادە بکات، چونکە بابەتێکی گرنگە بەو پێیە شارستانی مەزنی لێوە هاتۆتە ئارا، ئەمەش وایکردووە قوتابیان زۆر بەپەرۆشەوە لە گرنگی بابەتەکە بڕوانن و هەوڵبدەن زۆرترین زانیاری لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵات و گەشەسەندنی شارستانیەتەکانی ئەم دوو وڵاتە بزانن.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

1- شارەزابوون و ئاشنا بوونی قوتابیان بە مێژووی میسر لە کۆندا بەتایبەتی لەسەر لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری .

2- چۆنیەتی پێکدادانی شارستانی ئەم دوو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی بێگانە و دەسەڵاتە زلهێزەکان .

3- چۆنیەتی پێشهاتە سیاسیەکانی ئەم دوو مەملەکەتە.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابی وەك لایەنی سەرەکی و بنەرەتی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن چەندین ئەرك و بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ لە پاڵ ئەو ئەرکانەی کە مامۆستا هەیەتی لەوانەش : ئامادەبوون و پابەندبوونی قوتابی لە هۆڵەکانی خوێندن ئەمەش بە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکان هەژماردەکرێت لەبەر ئەوەی ئامادەبوونی قوتابی وادەکات قوتابی بێ بەش نەبێت لەو زانیاریانەی کە لە هۆڵی خوێندن دا دەخرێتە روو، هەروەها قوتابی دەبێت پابەند بێت بە تاقیکردنەوەکان و ڕاهێنان و ئاسانکاری کردن بۆ ئەنجام دانی ئەو کردارە، ئەرکێکی دیکەی قوتابی ئەوەیە راپۆرت و توێژینەوە بە پێی توانای خۆی ئامادە بکات، جگە لە لایەنی زانستی قوتابی دەبێت ڕێز لە هێمنی پۆل و پاراستنی پاك و خاوێنی و پارێزگاری لە کەلو پەلەکانی کۆلێژ بکات، بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی قوتابی خۆی لەلایەنی زانستی و رەوشتی دەبینێتەوە.

**13. ڕێگای وانە ووتنەوە :**

ڕێگاکانی وانەوتنەوە هۆکارێکە بۆ گەیاندنی زانیاری بە قوتابی ، هەربۆیە جگە لەمامۆستا قوتابیش بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت لەپێناوی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، ، لەپێناو زیاتر مانەوەی زانیاری لەهزری قوتابیان و باشتر ئاشنابوونیان بەبابەتەکە واباشترە بەشێوەی پاوەربۆینت لەرێگەی داتاشۆ پێشکەش دەکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی پێنووس و تەختەنووس بۆ وشە نەناسراوەکان هەروەها لەکاتی بەردەست بوونی نەخشە و و فیلمی دۆکۆمێنتی پێویستە سودی لێوەربگرێت.

14. **سیستەمی هەڵسەنگاندن** :

1- پێوەری هەڵسەنگاندنی قوتابیان و دیاری کردنی ئاستەکانیان لە پێناوی بەرەو باشتربردنی تواناکانیانەوە بۆیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت.

2- لێپرسینەوەی بابەتەکانی وانەی رابردوو بۆ مەبەستی زانینی چۆنیەتی تێگەیشتنی قوتابیان لە بابەتەکاندا.

3- بە تاقیکردنەوەی مانگانەو بەشداری کردن لە وانەکان.

4- ئامادەکردنی پەیپەرو پێشکەش کردنی سمینارو ئامادەبوون لەهۆڵەکانی خوێندن .

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

بێگومان هەریەك لە بابەتەکان ئەخوێندرێت چەندین دەرئەنجامی روونی دەبێت لەسەر پرۆسەی فێربوونی قوتابیان، ئامانجی سەرەکی لەخوێندنی ئەم بابەتە بە پلەی یەکەم ئاشناکردنی قوتابیان بە چۆنیەتی نووسینی مێژووی وڵاتی میسر کۆن و تێروانینی مێژوونوسان ، وە لە رێگای گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بۆیە قوتابیان دەبێت وایان لێ بکرێت ، کە زیاتر بایەخ بدەن بە مێژووی نەتەوەی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکان لێك جیاکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان لە نێوان

ئـەو ڕاستیانەی کـە لەلایـەنی مێـژووی نوسـراوەئە وانـەی بـۆ ئـاڵۆزکردنی مێژوویـەکان لـە نێـوان ئـەو ڕاسـتایانەی کـە لەلایـەنی مێـژووی نووسـراوە ئەوانـەی بـۆ ئـاڵۆزکردن و بـە بـازارکردنی بەرهەمـە مێژووییەکان نووسراوە، هەر ئەمەش وا دەکات کە تێڕوانینێکی ئەکادیمی بۆ سەرچاوە مێژوویەکان و تێگەیشتن لە ڕێباز و شێوازی نووسینی مێژوویيان هەبێت ، لە ڕێگای ئەم کۆرسەوە قوتابی فێری ئەوە دەبێت لە داهاتوو چۆن سەرچاوە مێژوویەکان بەکار بهێنێ لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لە مێژوونوسی پێشەنگ پەیدا ئەکات، کە وەك سەرچاوەی بنەڕەتی لە توێژینەوەکاندا بەکاربهێنێت.

**16- لیستی سەرچاوەکان**


- قورئانی ثیرۆز
- تەورات
- **سەرچاوە بنەرەتیەکان**
- احمد فخري: الأهرامات المصري
- احمد سوسة: مفصل تاريخ العرب و اليهود
- احمد شوقي: الحضارة العربية القديمة
- زكية يوسف طبوزادة:تاريخ مصر القديم من افول الدولة الوسطى الى نهاية الأسرات
- غوستاف لوبون: الحضارة المصرية
- عبد العزيز صالح وآخرون: موسوعات تاريخ عبر الاصول تاريخ مصر القديم
- عامر سليمان و احمد المالك الفتيان: محاضرات في التاريخ القديم
- سليم حسن: مصر القديم
- سامي سعيد وجمال رشيد: تاريخ الشرق القديم
- فليب حتي: تاريخ سوريا القديم
- طه باقر : مقديمة في تاريخ الحضارات القديمة
  مقديمة في تاريخ الحضارات القديمة، جزء الثاني /أ
- محمد انور شكور: الفن المصري القديم
- محمد الخطيب: كتاب مصر أيام الفراعنة
- محمد ابو المحاسن: معاليم تاريخ شرق الادنى القديم من اقدم العصور إلى مجي الاسكندر
- نجيب ميخائيل: مصر و شرق الأدنى

- <u>**سەرچاوە کوردییەکان**</u>

کەلسومە جەمیل: مێژووی دێرینی میسر
بریند سمیث: مصری کۆن
ویل دیورانت: مێژووی شارستانیەت

<u>**سایتی ئەلیکترۆنی**</u>

www.marefa.org/index.php/

| | |
|---|---|
| | https://ar.wikipedia.org/wiki<br>https://civilizationlovers.wordpress.com<br>www.traidnt.net<br>www.aljazeera.net<br>www.palestinapedia.net<br>http://www.aramaic-dem.org |
| **ناوی مامۆستای وانەبێژ** | **17. بابەتەکان**<br>**هەفتەی یەکەم:** ناوی میسر و نیل<br>**هەفتەی دووەم:** شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندی هەڵکەوتەی وڵاتی میسر<br>**هەفتەی سێیەم:** سەرچاوەکانی دیراسەکردنی مێژووی میسری کۆن ، سەرچاوە مادیەکان<br>سەرچاوە نوسراوەکان<br>کۆمەڵگا لە مێژووی میسردا<br>**هەفتەی چوارەم:** بارودۆخی میسر بەر لە پەیدابوونی دەسەڵات بنەماڵەکانی یەکەم تا شەشەم<br>ئەرکەکانی مەلیك و تایبەتمەندی ئەم سەردەمانە<br>**هەفتەی پێنجەم :** سەردەمی ئەهەرامەکان (مەملەکەتی کۆن)<br>**هەفتەی شەشەم:** سەردەمی ئەمیرو شازادەکان بنەماڵەکانی حەوتەم تا نۆیەم<br>**هەفتەی حەوتەم:** مەملەکەتی ناوەراست بنەماڵەکانی دەیەم و یازدەهەم<br>**هەفتەی هەشتەم:** سەردەمی پێش هیکسۆسەکان<br>سەردەمی هاتنی هکسۆسەکان<br>**هەفتەی نۆیەم :** سەردەمی مەملەکەتی نوێ<br>سەردەمی بێگانەکان<br>**هەفتەی دەیەم:** شارستانیەتی میسری کۆن<br>لایەنەکانی ئاینی<br>ڕۆڵی کاهینەکان لە کۆمەڵگای میسری کۆندا<br>پەرستگاو خواوەندەکانی میسری کۆن<br>**هەفتەی یازدە:** پرۆسەی مۆمیاکردن<br>ڕێگا و جۆرەکانی مۆمیاکردن لە وڵاتی میسری کۆن<br>**هەفتەی دوازدە:** لایەنی ئەدەب و هونەر لە میسری کۆندا<br>**هەفتەی سێزدە:** یاساو شەریعەت لە میسردا |

| | |
|---|---|
| **هەفتــەی چــوارده:** لایــەنی زانســت و زانیــاری لــە وڵاتــی میسردا پێشکەوتنی زانستەکانی گەردوناسی و پزیشکی..هتد | |
| **18. بابەتی پراکتیک ئەگەر هەبێت** | |
| | ناوی مامۆستا: لەنجه طلعت عبيد<br>3-4 کاتژمێر<br>2021/٩/١٢ |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**پرسیارەکان:** (پێناسـە، هۆکارەکـان، هەڵسـەنگاندن، روونکردنـەوە، بـەراوردکرن، باسکـردن.. بۆشـای ، هەلبژاردن..) بۆ نموونە:

1- **هۆ :** هۆکاری مانەوەی شارستانیەتی میسری کۆن؟

هۆکارەکانی لاوازبوونی لایەنەکانی هونەری و تەلارسازی لە میسری کۆندا چی بوو؟

2- **باسکردن:** باس لە ماوەی حکومرانی رەمسیسی دووەم بکە..

3- **هەڵسەنگاندن:** هکسۆسـەکان وەکـو نەتەوەیـەکی بیـانی چۆن توانیویانـە دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆ لەمیسر دابمەزرێنن ؟ ئایا وەکو هێزێکی داگیرکەر هەژماردەکرێن؟ ئەمە راڤە بکە.

4- **تایبەتمەندی:** باس لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ئەهرامەکان بکە.

5- **بەراورد:** بەراوردی میسری سەرو لەگەڵ خوارو بکە؟.

6- **ئەمانە بناسێنە:**

شەڕی دەلتا ،تۆرین ، پاشا ئوحمسی ،دەقی مردووان.

**20. تێبینی تر:**

لێرەدا مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبینی و کۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی